## جەمال عەبدوڵلا بۆ تووشی هیستیریا بووە؟... کۆمەڵێ خوێندکار و پەنابەری چەمچەماڵی _ ئەوروپا

لە کوردستانی نوێ ژمارە (4101) 2006/10/17 لاپەڕە (8) نوسینێکی بەڕێز جەمال عەبدوڵلا بە ناونیشانی ( (جارێکی تر، ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان چیان دەوێت؟ بڵاوکردوەتەوە،
هەر بە ناونیشانەکەدا دیارە نوسەر شمشێری بێ ویژدانی لە کەلان هێناوەتە دەرەوە، ( (شەلم کوێرم کەس نابوێرم) ) ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوتاوە،
ئەوەی مەبەستی ئێمەیە وەکو خەڵکی ڕۆشنبیری چەمچەماڵ لە ئەوروپا، ئەوەیە نوسەر بۆ جاری دووەم مەسەلەی ئەنجومەنەکانی خستوەتە ژێر تیشکی لێدوان و لێکۆڵینەوە '، هەتا ئێرە ئەمە هەقی خۆیەتی، بەڵام ئەوەی ئێمەی تووشی شۆك و سەرسوڕمان کرد، بیرکردنەوەی تەسك و ناوچەگەر و تەنانەت گەڕەك چییانەی نوسەرە، ئەنجومەنی پارێزگاکان لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراون، هەر وەکو هەڵبژاردنی شارەوانی، نازانم بۆ کاك جەمال توشی هیستیریا بووە لەوەی چەمچەماڵی یەکی تێکۆشەر ببێتە سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئەگەر کاکە جەمال ئاوڕێك لە خەبات و تێکۆشانی کاك شێرزاد و بنەماڵکەی بداتەوە، هەروەها ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین ئەم بەڕێزە پێش گەڕاندنەوەی بۆ کوردستان قوتابی بەشی ئیدارە بوو لەزانکۆی ( (سیتی ئاند ئیزلینگتون کۆلیج) ) . کە ئەمانەو چەندین ساڵ ئەزموونی کارکردنی لە ڕێکخراوە خێرخوازییەکان وبەشداریکردنی لە چەندین سمینار و کۆبوونەوە لە بەریتانیا بەسە بۆ ئەوەی کاکە جەمال سەرژەنشتمان نەکات کە ئێمەی چەمچەماڵی ناتوانیین سەرۆکی ئەنجومەن بین
ئەوەندەی تر تووشی شۆك بووین کە لە کوردستانی ئازاد و لە سەردەمی گلۆبالیزمدا، کەسێك بەو بیرکردنەوەیە لە شیوێنێکی حەساسدا کە ئەنجومەنی وەزیرانە کار بکات و بیری گەندڵ پەرە پێبدات،
ئێمە وەکو کۆمەڵێ خوێندکار و پەنابەری چەمچەماڵی لە ئەوروپا، زۆر بە توندی ئیدانەی ئەو قسانەی جەمال عەبدولڵا ئەکەین، چەمچەماڵی شەهیدان نابێ وا تەعامولی لەگەڵ بکرێ کاك جەمال
ئێمە تا و کیدین کە ئەو قسانەی دەرهەق چەمچەماڵ و کاك شێرزاد کردووتە، ناتوانی هەمان هەڵویست و قسە بەرامبەر ئەنجوومەنی شارەوانی سلێمانی بکەیت.. ئاخر ئەو خەڵکی سلێمانی یە وووووو